رۆژی گەل
ROJIGEL

هەفتەنامەیەکی سیاسییە حزبی رزگاریی کوردستان دەریدەکات   نیسانی ٢٠٠٣   ژمارە ١١٩

سەرچاوەیەکی نزیك لە INC بە رۆژی گەلی راگەیاند کە ئەحمەد چەلەبی سەرۆکی INC لە کوردستانەوە بۆ باشوری عیراق گویزرایەوە تا لەو بەریوەبەرایەتیە بەشداری بکات کە هەفتەی رابردوو هاوپەیمانان بۆ داهاتووی عیراق لە لایەنگرانی خۆیان و چەند کەسایەتیەکی سەربەخۆ پیکهینراوەو نیازوایە لەگەڵ پاککردنەوەی یەکجارەکی شاری بەسرە ئەو بەریوەبەرایەتیە لەو شارەدا دەست بەکار بێو لەگەڵ روخانی سەدامیش بۆ بەغدا بگوازریتەوە.
بەگویرەی سەرچاوەکە ئەم بەریوەبەرایەتیە لە ژیر فەرماندەیی ئەفسەریکی پایە بەرزی ئەمریکاوە بەریوەدەبردریت و بۆ ماوەیەکی کاتی دەستەڵاتی عیراقی پیدەسپیردریت.

# دوای روخانی سەدام، ریفراندۆم تاکە رێگەیە

## شەڕ لە ئامانجی خۆی نزیك بۆتەوەو، بەغدای پایتەختیش گەمارۆ دراوەو، بەرپرسانی بەعسیش راودەکرێن

رۆژی دوای رۆژ فڕۆکە جەنگیەکانی هاوپەیمانان و موشکە دوورهاوێژەکانیان دام و دەزگا سەربازی وحکومیەکانی ڕژێمی سەدام بۆردومان و خاپوردەکەن، لەو نێوەندەشدا شارەکانی بەغداو بەسرەو موسڵ زۆرترین زیانیان بەرکەوتووەو دانیشتوانیش لە نێوان چەکوچی ڕژێم و ئاگر بارانی هاوپەیماناندا لە نێو ترس ونیگەرانیو مەرگدا گۆشەگیرکراوە.

### فڕگەی بەغدا سەرەتای کۆتاییەکانە

دوای ئەوەی هێزەکانی هاوپەیمانان دابەزینە ناو فڕگەی بەغدای نێودەوڵەتیو شەڕێکی خوێناویان لەگەڵ گاردی کۆماری بەڕێوەبرد، سەرەتای گەڕێکی دیکەی شەڕەکە کرایەوە، بەگوێرەی ئەمریکیەکان لەو شەڕەدا زیاتر لە ١٠٠٠ پاسەوانی گاردی کۆماری کوژراون و فڕگەکەش بەتەواوی پاککراوەتەوە، هەرچەندە تائێستاش ڕژێمی بەغدا دانی بەو راستیە نانەوەو وەك هەمیشە خۆی بەبراوە دادەنێ.
بەلێکدانەوەی تۆژەرانی سەربازی، کۆنترۆڵکردنی ئەو فڕگەیە هەنگاوی یەکەم و سەرەتای یەکلاییکردنەوەی شەڕەکە دەبێو بەو هۆیەشەوە شاری بەغدا دەستی بەسەردا دەگیرێت.

### گەمارۆی بەغدا تەنگتر دەبێتەوە

لە حەڤدەمین رۆژی شەڕدا ژمارەیەك زرێپۆشی ئەمریکا خزانە گەڕەکەکانی باشوری بەغداو دیواری ئەو ترسەیان شکاند کە هەمیشە سەدام و بەرپرسانی بەعس خۆیان پێ هەڵدەکێشاو بەدیواری مەرگی حەتمیان ناودەبرد.
لە لایەکی دیکەشەوە دەرکەوت، کە بەرگریکردن لە بەغدا جیاوازی لەگەڵ شارەکانی بەسرەو ناسریەو نەجەفدا نیە، پاش ئەوەی فڕگەی بەغداو ئەبوغرێب و دۆرە بەتەواوی کۆنترۆڵکران و بەغداش کەوتە ژێر ئاگری چەکە نزیك هاوێژەکان، ئیدی سەعات دوای سەعات گەمارۆی سەر بەغدا تەنگ و تەنگتر و شەڕیش لە کۆتایی چاوەڕوانکراوی نزیکتر دەبێتەوە.

### هەڵوێستی وڵاتانی عەرەبی نادیارە

بەر لە هەڵایسانی شەڕ، وڵاتانی عەرەبی بەگەورەو بچوکیانەوە باسی عروبەیان دەکردو دژی شەڕی سەر عێراق بوون و داوایاندەکرد بەئاشتیانە کێشەکە چارەسەر بکرێ، تا ئەمڕۆکەش بە ڕووکەش وڵاتانی عەرەبی دژی شەڕن و داوای ڕاگرتنی دەکەن، بەڵام زۆربەیان لە ژێرەوە چرای سەوزیان هەڵکردووە وپشتیوانیو ئاسانکاریش بۆ هاوپەیمانان دەکەن و خوازیاری روخانی سەدامن.
لەو نێوەدا سوریاو لیبیا راشکاوانە دژی شەڕن و پشتیوانیش لەگەلی عێراق دەکەن و هانی چالاکی خۆکوژی دەدەن.
کۆمەڵەی وڵاتانی عەرەبی، لەسەر زاری (عمرۆموسا)ی سەرۆکەوە، رایگەیاندکە: ئەوکێشەیە بەتەنیا هیعەرەب نیە و کێشەی تێکڕای وڵاتانی جیهانەو پەیوەندی بە هەموانەوە هەیە.

### مۆسکۆ خاو بۆتەوە

روسیا زۆر بە توندی داکۆکی لە ڕژێمی بەغدا دەکردو دژی هەر جۆرە هێرش و پەلامارێك دەنگی دەدا، بەڵام ئەمڕۆ دوای تێپەڕبوونی ١٩ مین رۆژی شەڕ، بەباشی بۆی دەرکەوتوە کە سەدام لەناودەچێو بەرژەوەندیەکانی روسیاش لە خلۆر بوونەوەدایە، بۆیە دەنگی گۆڕاوەو هەڵوێستی خاوبۆتەوە لە ١٨ هەمین رۆژی شەڕەکە باڵوێزی روسیا بەغدای بەجێهێشت و بەرەو وڵاتەکەی گەڕایەوە،بەڵام لە رێگەدا کاروانەکەی وەبەر هێرشی فرۆکەکانی هاوپەیمانان کەوت و خۆیو چەند کەسیدیکە بریندار بوون.
دوێنێ (کۆندالیزارایس)ی راوێژکاری سەرۆکی ئەمریکا بۆ ئاسایشی نەتەوەیی گەیشتە مۆسکۆو لەگەڵ بەرپرسانی روسیا کۆبۆوەو گەشتەکەشی بەسەرکەوتوو لێکدایەوە.



یان بوش

یان سەدام!

بەر لەشەڕ، ڕێژەیەکی زۆر لە ئەمریکیەکان دژی هەڵایسانی شەر بوون و بەپارێزەوە بۆی دەچوون، بەڵام ئێستا کە هاوکێشەکە گۆڕاوەو زۆرینەی ئەمریکیەکان راشکاوانە دەڵێن:
(یان بوش یان سەدام)، لەم پێوەندیەدا، جۆرج بوشی سەرۆك ڕاگەیاندکە: شەڕ گوند بە گوندو شار بەشار ومال بەماڵ درێژەی دەبێ و ئەگەر بە سوتماککردنی خاکیش بێ، دەبێ بەغدا بگیرێ و سەدام لە بێن بچێ.

### گەران بەدوای بەعسیان بەردەوامە

پاش ئەوەی هاوپەیمانان چونە ناو شارەکانی بەسرەو ناسریەو نەجەف، گەڕان بەدوای گەورە بەرپرسانی بەعس دەستی پێکرد، ئەو بەعسیانەی چەند رۆژ لەمەوبەر بەرپرس بوون و حوکمیان دەکرد ئەوا ئەمڕۆ بەچاوساغی عێراقیەکانەوە لە لایەن هێزی هاوپەیمانانەوە ڕاودەکرێن، تا ئێستا چەندین بەرپرس لە شارەکانی بەسرەو ناسریەو نەجەف وشەترە گیراون و گەڕان بەدوای ئەوانی دیکە کە خۆیان حەشارداوە، بەردەوامە، دوێنێش بەمەبەستی دەستگیر کردنی عەلی کیمیاوی گەمارۆی خانویەکیاندا لەبەسرە کە گومان دەکرا لەوێ بێت.

### ڕادیۆ و پەخشی ئازادیی عێراق کرایەوە

رۆژی ٢٠٠٣/٣/١٠ لەنێو خێوەتێکی بیابانی باشوری عێراقدا، بۆیەکەمین جار ڕادیۆی ئازادی عێراق کە لەلایەن بەریتانیاوە بەڕێوەدەچێ، دەستی بە بڵاوکردنەوەی بەرنامەکانی خۆی کردو مژدەی ئازادکردنی عێراق بەهاوڵاتیان ڕاگەیاند.
دوێنێش ٢٠٠٣/٤/٦ سەرچاوەکانی هەواڵ رایانگەیاند کە تەلەفزیۆنی ئازادی عیراق کە لەلایەن هیزی هاوپەیمانانەوە دانراوە، دەستی بەپەخشی بەرنامەکانی خۆی کردووەو ئامانج لە رادیۆو پەخشی ئازادیش خستنە رووی راستی رووداوو ئاکامەکانی بەرەی جەنگ و هاندانی هاوڵاتیانە بۆ راپەرین و یاخیبون دژ بەرژیمی سەدام و هاوکاریکردنیان لەگەڵ هیزی هاوپەیمانان.
ئەمەو بریار وایە لەکورتترین ماوەدا هیزی بەخشەکە فراوان بکرێو تەواوی شارەکانی عیراق بەتایبەتیش هاوڵاتیانی شاری بەغدا بگریتەوە.



## رۆژەڤ

سەرەنجام، شەڕ بووە دوا وێستگەی یەکلاییکردنەوەی کێشەی نێوان ڕژێمی بەغداو کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی، هەر چەندە وڵاتە زلهێزەکانی جیهان و پێنج ئەندامە هەمیشەییەکەی ئەنجوومەنی ئاسایش لەسەر بەکار هێنانی هێز کۆك نەبوون، بەڵام هاو پەیمانان بەسەرۆکایەتی ئەمریکا هاتنە گۆڕەپان و ئەمە چەند هەفتەیەکە هێزەکانی ئاسمانی هاوپەیمانان بنکەو بارەگاو دام ودەزگا سەربازیەکانی عێراق بۆردومان دەکەن، لە زۆر لاوەش هێزەکانی پیادەیان لە پێشڕەویدان و ڕۆژ دوای ڕۆژیش ڕێگەی گەیشتن بە بەغداد و گەمارۆدانی کورتتر دەکەنەوە.
بەر لەهەڵایسانی شەڕ، زۆرێك لەچاودێرانی سیاسیو تۆژەرانی سەربازی مەزەندەی بەرگری سوپای عێراقیان نەکردبوو، بەڵام هەمووان لەسەر ئەوە کۆك بوون کەبەغدا دەڕوخێو سەدام لەسەرکار لادەبردرێت، تا هەنووکەش ڕوخانی بەغدا بەبێگومان دادەنرێت.
لەم سەروبەندەش گەلی باشوری کوردستان کە زۆرترین کارەسات و کوێرەوەریو جینۆسایدی لەسەردەستی ئەو ڕژێمە پێگەیشتووە بەگەشبینیەوە لەداهاتوو دەڕوانێو ڕۆژی ڕوخانی دیکتاتۆر بەئاوات دەخوازێو دەشزانێ ئەو ڕۆژە زۆر نزیك بۆتەوە، بەڵام لەهەمان کاتدا لەبەردەم گومان و لێکدانەوەکاندا پرسیارێك خۆی دەنوێنێ:
ئایا بەروخانی سەدام مەرگەساتەکان کۆتا دەبن و کێشەی نەتەوەیی چارەسەر دەبێت؟!
زۆرێك لەبەر هەڵستکارانی عێراق و بەشێك لە کۆڵەرانی سیاسی پێیانوایە لە عێراقێکی دیموکراتی فرەحزبی فیدراڵیدا کێشەکان کۆتا دەبن و دوارۆژێکی ئاسودەو بەختیار بۆ تێکڕای گەلی عێراق بەسەرجەم نەتەوەکانەوە دێتە ئاراوە، بەڵام دیسانەوە رزگاریخوازانی کوردستان بەگومانەوە هەڵوێستە دەکەن و دەڵێن:
راستە زۆربەی مەرگەساتەکانی گەلی باشوری کوردستان لەلایەن دەستەڵاتدارانی عەرەبی شۆڤینیەوە ئەنجامدراوە، بەڵام نهێنیەکی شاراوە هۆکاری پشتەوەی بەڕێوەبردنی ئەو تاوانەن کە بەڕوخانی سەدام ریشەکێش نابێت.
نهێنی شاراوە خۆی لە پێکهاتەی گەلی عێراق لەنەتەوەو رێچکەی جیاجیاو هەرێمی بەیەك لکێنراو دەبینێتەوە چونکە لەگەڵ دروستبوونی دەوڵەتی عێراق بەو سنوورەی ئێستایەوە کێشەکانی هێنایە ئاراوە، هەم پرس وڕاوێژ بە نەتەوەی کوردو عەرەب نەکراو بەویستی راستەوخۆی زلهێنرانەوە ویلایەتی موسڵ بەعێراقی عەرەبی لکێنرا، هەم ڕێگەش نەدرا دانیشتووانی باشوری کوردستان بە کوردو ئاشوریو تورکمانەوە بڕیار لە چارەنووسی وڵاتەکەیان بدەن، بڕیار وابوو ئەگەر دەوڵەتی ناوەندی دەستەڵاتی خۆی خراپ دەکار کردو یەکسانیو هاوتایی پێڕەو نەکرد، ئەوا دانیشتوانی ویلایەتی موسڵ دەتوانن لە ریفراندۆمێکد بڕیار لە داهاتووی خۆیان بدەن، بەڵام ئەمە زیاتر لە هەشتا ساڵ حاکمانی بەغدا رەگەز پەرستانە درێژە بە دەستەڵاتی خۆیان دەدەن و لەخەمی گۆرینی دیموگرافیای دانیشتوانی باشوری کوردستانن و لیبراوانەش سیاسەتی بەعەرەبکردن و کۆچپیکردن وبەسووتماککردنی باشوری کوردستان بەریوە دەبەن، زیاتر لە هەشتا سالە مافی رەوای گەڵ لەژێر پێ دەنرێ و ریگە نادریت ئازادانە داخوازیەکانی رەنگ پیبداتەوە.
ئەگەر ئەوێ رۆژێ دانیشتووانی ویلایەتی موسڵ دەنگیشیان بۆ لکاندنی وڵاتەکەیان دابێ (کەنەیاندا) ئەوە ئەمرۆ دوای مێژوویەکی تاڵو خویناوی مافیکی سروشتی گەلی کوردستانە کە لەراویژیکی گشتیدا بریار لە چارەنووسی خۆی بدات.
ئەگەر ئامانج لە روخاندنی رژیمی دیکتاتۆری بەغدا، ئافراندنی عیراقیکی ئازادو دیموکرات و فیدراڵ بیت، گەرەکە ریگەی ریفراندۆم ئاوەڵلا بیت و جەماوەر سەرچاوەی بریارو دەستەڵات بیت ئیمە خوازیارین کە هەر لە ئیستاوە کۆمەڵانی هەراوی خەلکی باشوری کوردستان بەریوەبردنی ریفراندۆمیکی ئازاد لە ژیر چاودیری نەتەوە یەکگرتوەکان بۆ یەکلاییکردنەوەی چارەنووس بکەن بەدروشم و خۆیانی بۆ ئامادە بکەن، چونکە میژوو سەلماندویەتی کە کیشەی دیموکراتیو دۆزی نەتەوەیی دوو هاوکیشەی لەیەك جیاوازن و مەرجیش نیە لەهەموو بواریکدا دیموکراسی توانای بەرجەستە کردنی مافی رەوای نەتەوەکانی ناو یەك سنووری جوگرافیای هەبیت .
گەل تەنیا خۆی لەتوانایدا هەیە بریار لە چارەنووسی خۆی بدات و کەسیش ئەو مافەی نیە کە خۆی بەدەمراست و سەرووەری گەل بزانیت.